# کۆڕەو نا بوو بۆ بەعس و دیکتاتۆری

[Faraidun_73@hotmail.com](mailto:Faraidun_73@hotmail.com)

فەرەیدون حەمەڕەشید   سویسرا

چواردەساڵ پێش لەگەرمەی ڕا پەڕین وسەرکەوتنەکانی ئازاری 1991 دا کەدامودەزگاسەرکوتکەرەکانی ڕژێمی ئەوکاتی بەعس لەکوردستان وەدەرنران و تەواوی ئەوجێگەیەی کوردستان بووبانگەشەی ئازادی کرا, ڕژێمی ئەوکاتی بەعس لە ئەنجامی ئەوسازشکاریانەی لەگەڵ هاوپەیمانان  لەژێرخێمەکەی سەفوان ئەنجامی دا جارێکی دی سیاسەتی نێودەوڵەتی خۆی بێئاگاکردلەسەرەڕۆیەکانی ڕژێمی ئەوکاتی بەعس,کەبەتانك وتەیارەی سوپادۆڕاوەکەی پەلاماری کوردستانی دایەوەبۆبەکۆلۆنیال کردنەوەی کوردستان وسەر کوتکردنی ڕا پەڕین,بەڵام خەڵکی کوردستان لەترسی دڕەندەی سوپاخوێناویەکەی بەعس وپەرۆشیان بۆئازادی کۆڕەویان کردە ئەلتەرناتیف,کەبەملیۆنان خەڵکی کوردستان بە منداڵ وپیروپەکەوتەونەخۆشی خەستەخانەکان بە بەجێهێشتنی ماڵ ونیشتمان, بەڵێ نا یان, بۆدیکتاتۆری و ژێردەستەیی ئەومێژوەڕەشەی ڕابردووکرد,,لێرەداخۆمان لەباسی مەینەتی وتراژیدیاکانی کۆڕەونادەین ولەستوونی ڕۆژنامەیەکدامەرگەساتی ئەوئا پۆرەیەتەعبیرناکرێت , بەرئەنجامەکانی کۆڕەو بێجگەلەوەی هەستی نەتەوایەتی ویەکڕیزی خەڵکی کوردستانی بووژانەوە ناشیرنترکردنی دێوەزمەی بەعس بوولای تاك بەتاکی خەڵکی کوردستان, زوومی کامێراو میدیایی جیهانی ڕا پێچی ئەمری واقیعێك کرد کە داوا کاری وخواستی خەڵکی کوردستان لەکۆڕەودابۆڕای گشتی جیهان بەرجەستەبکات,ڕای گشتی وخەڵکی جیهانیش لەشاشەی تی ڤی وڕوژنامەکانەوە لەپەیامی کۆڕەوگەیشتن کەخەڵکی کوردستان بەدەست بەرداربوون لەژیان و ماڵ و خاك یش بێت ئازادییان دەوێت وناچنەوەژێر سێبەری دیکتاتۆری بەعس ,دەستکەوتی کۆڕەوهێنانەکایەیی بڕیاری 688 ی ئەنجومەنی ئاسایش و دامەزراندنی زۆنی ئارام وهێڵی 36 بوو.کەئەمڕۆش دەکرێت بێتەپێگەی ئازادی ودیموکراسی بۆعێراق وناوچەکە,دوای سڵاو بۆمەرگی قوربانیانی کۆڕەو دەتوانین بڵێین کۆڕەوەکەی ئازاری 1991 ڕایفراندۆم یێك بووبەئەنجامی لەسەداسەد بەڵێ بۆ ئازادی ونابۆ جارێکی تری سەرکوت ودیکتاتۆری وستەمی نەتەوەیی ,,,